# سیفەتی سەربڕینی ئاژەڵ

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# صفة الذبح الشرعي

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# سیفەتی سەربڕینی ئاژەڵ

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** : من کەسێکی قەسابم و ڕۆژانە ئاژەڵ سەر دەبڕم، دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەنەوە، ئایا لەکاتی سەربڕینی ئاژەڵدا دەبێت کام ڕەگ و دەماری ببچڕێت ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

زانایان بۆ سەر بڕینی ئاژەڵ بەهەموو جۆرەکانیەوە بە مەڕو بزن و مانگا و ووشترەوە، بەمەرجیان داناوە کە دەبێت لە گەردنیدا بەم شتانە ببڕڕیت :

یەکەم : قوڕگ، یان گەروو، مەبەست لێی ئەو ڕاڕەوەیە کە هەناسەی لێوە وەردەگرێت و دیداتەوە .

دووەم : سورێنچك : مەبەست پێی ئەو ڕاڕەوەیە كە ئاژەڵ خواردنی لێوە دەخوات و پێیدا تێدەپەڕێت بۆ گەدە .

سێهەم : شادەمارەكان، كە دووانن وئالاًوون بە گەرووەوە، كاتێك دەبچڕێن ئیتر خوێنی لاشەی ئاژەڵ لێوەی بەتاڵ دەبێتەوە .

جا هەركاتێك ئەم چوار شتە بچڕا ئەوا بە كۆدەنگی زانایان ئەو سەربڕاوە حەلاڵە و دروستە گۆشتەكەی بخورێت، جا ئەم چوار شتە كە دەكاتە گەروو و لەگەڵ سورێچنك و هەردوو شادەمارەكان، جێگای بڕینیان لە خوار شەویلگەی ئەو ئاژەڵەوە دەست پێدەكات هەتاوەكو دەگاتە ئەو جێگایەی گەردن و ملی لێ كۆتای دێت لەسەرەتای سنگی ئاژەڵەكەوە، واتا : ئەگەر هاتوو لەلای سەرووی گەردنەوە بچڕان دروستە، وە ئەگەر هاتوو لە ناوەڕاستیشەوە بێت، هەر دروستە، خۆ ئەگەر

لەکۆتایی گەردنیشەوە بوو هەر دروستە و حەڵاڵە گۆشتەکەی بخورێت .

خوای گەورەش زاناترە .